# کۆڕێك له شاری کریستیانساندی نه‌رویج  ده‌رباره‌ی ته‌حریم کردنی هه‌ڵبژاردن و بۆ ڕیفراندۆم بۆ سه‌ربه‌خۆیی کوردستان





ئێواره‌ی ڕۆژی یه‌کشه‌ممه به‌رواری 2005/01/23 ڕێکخراوی نه‌رویج کۆڕێکی بۆ کامل احمد به‌رپرسی کۆمیته‌ی نه‌رویجی حزب له شاری کریستیانساند سازدا.

له‌وکۆڕه‌دا تیشك خرایه سەر پرۆسه‌ی فریوکارانه‌ی به‌ناو هه‌ڵبژاردنه‌کانی عێراق و نه‌بوونی هیچ مه‌رجێکی هه‌ڵبژاردنی ئاسایی تیایدا. هه‌روه‌ها باس له‌وه کرا که ئه‌مه هه‌وڵێکی ئه‌مریکایه بۆ داسه‌پاندن و شه‌رعیه‌تدان به حکومه‌تێکی شۆڤێنی ئیسلامی ده‌سکه‌لای خۆی له ڕێگه‌ی وه‌رگرتنی په‌نجه‌مۆری خه‌ڵکی عێراقه‌وه. وه باس له‌وه کرا که ئه‌م "هه‌لبژاردنه" ناتوانێت کۆتایی به نه‌بوونی ئه‌منیه‌ت بێنێت‌و نان و ئازادی دابین بکات.

سه‌باره‌ت به وه‌زعی کوردستانیش باس له‌وه کرا که هه‌ر هه‌ڵبژاردنێك پێش ئه‌نجامدانی ڕیفراندۆم و ڕاپرسی به خه‌ڵکی کوردستان که ئایا ده‌یانه‌وێت جیابنه‌وه‌و ده‌وڵه‌تێکی سه‌ربه‌خۆ پێکبێنن یان ده‌یانه‌وێت له‌گه‌ڵ عێراقدا بمێننه‌وه، به‌تاڵه.

به‌دیله‌کانی حزب سه‌باره‌ت به سازدانه‌وه‌ی مه‌ده‌نیه‌ت و پێکهێنانی ده‌وڵه‌ت له ڕێگای خه‌ڵکه‌وه بۆ عێراق و کارکردن بۆ جیابوونه‌وه‌ی کوردستان خرانه ڕوو.

ئاماده‌بووان به پرسیارو پێشنیاره‌کانیان به‌شداری جدیان کردو و وه‌ڵامیان له‌سه‌ر پرسیاره‌کانیان وه‌رگرته‌وه.

**ڕێکخراوی نه‌رویجی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

05/01/25